وتەکانی پاولۆ کۆیلیۆ

(٣)

عاریفانە

وەرگێڕانی

یوسف محەممەد و کارا فاتیح

ناوی کتێب: عاریفانە

- وتەکانی پاولۆ کۆیلیۆ (٣)
- وەرگێڕی فارسی: نەفیسەی سوڵتانی
- وەرگێڕانی بۆ کوردی: یوسف محەممەد و کارا فاتیح
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی
- بەرگ: ئاسۆ مامزاد
- پیتچنین و هەڵەچن: کارا فاتیح
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: ٨٧٥
- چاپی یەکەم ٢٠٠٦
- نرخ: ١٥٠٠ دینار

زنجیرەی کتێب (١٩٧)

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
www.mukiryani.com
asokareem@ maktoob.com
Tel: 2260311

خۆبەزلزانین و خۆپەسەندی لە زۆرێك لە حاڵەتەكاندا دەمامكێكی بێنرخن لە ترس و دڵەڕاوكێ.

❃ ❃ ❃

هەڵبژاردنی بێدەنگی هەمیشە تەنها بەمانای دەستهەڵگرتن لە قسەكردن نییە، بەڵكو فێربوون و راهێنانێكی گوونجاوە، بۆ بیستنی تەواویی ئەو شتانەی لە دەوروبەرماندا تێدەپەڕن.

❃ ❃ ❃

هەرگیز نابێت سەیری پشتەوەی سەرمان بكەین.

❃ ❃ ❃

لە سەرەتای دروستبوونی ئەم دونیایەدا نادادپەروەری زۆر بچووكتر و كەمتر بوو، بەڵام هەر كەسێك كەمێكی بۆ ئەم نادادپەروەرییە زیادكرد و هەنووكەش دەبینن كە ئەمڕۆ بە كوێ گەیشتووین.

❃ ❃ ❃

پێویستیی هەبوونی شتێكی دیاریكراو - هەندێكجار شتێكی بچووك و بێئەرزشیش- دەبێتە هۆی ئەوەی ببینە زیندانیی ئەو شتە.

❃ ❃ ❃

هەمووومان خۆمان بۆ كوشتنی ئەژدیها ئامادەدەكەین، بەڵام دواجار بەهۆی ئەو مێروولە بچووكانەی، هەرگیز گرنگیمان پێنەداون هەپروونبەهەپروون دەبین.

❃ ❃ ❃

کەسێك کە خودا دەناسێت وەسفی ناکات، کەسێك کە خودا وەسفدەکات، نایناسێت.

❋ . ❋ ❋

گەمژەترینی کەسان ئەوانەن، کە خۆیان بە داناترینی خەڵکان دەزانن و بۆ هەر شتێك راڤە و روونکردنەوەیان گەرەکە.

❋ . ❋ ❋

گەورەترین ترس ئەوە نییە کە لە ئەنجامدانی کارێك بێتوانا بیت، بەڵکو باڵاترین پلەی ترس و تۆقین ئەو کاتەیە لەوە ئاگادار دەبین کە زۆر زیاتر لەوەی بیرمان لێدەکردەوە، بەتواناترین.

❋ . ❋ ❋

سەفەر باشترین شێوازی فێربوونە.

❋ . ❋ ❋

ئەگەر ئێوە دوو باڵندە پێکەوە ببەستنەوە، ئەوان چوار باڵیان دەبێت بەلاّم هەرگیز ناتوانن بفڕن.

❋ . ❋ ❋

هیچ شارێك هیچ کات لە جێگەی خۆی ناجووڵێت، لەشکرێك دەتوانێت لەناوی بەرێت بەلاّم شار بۆ هیچ شوێنێك ناڕوات.

❋ . ❋ ❋

هەندێ کات بۆ فێربوونی کارێکی گرنگ و چاك، پێویستە کەمێك توندوتیژیش بەکاربهێنرێت.

❁ . ❁ ❁

خوداوەند بەشی خۆی ئەنجامداوە، هەنووکە ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە ئەم پرۆسەیە درێژەپێبدەین.

❁ . ❁ ❁

هەندێ لە کێشەکان قبووڵبکەن، بۆئەوەی بتوانن لە بەرامبەر هەستی کوشندەی خۆبەگەورەزانییندا بوەستنەوە.

❁ . ❁ ❁

نە حساب لەسەر سووکایەتی و شکاندنەکانی خەڵکانی تر بکەن، نە لەسەر پیاهەڵدان و ستایشەکانیان، بەم شێوەیە ئێوە دەتوانن رێگای خۆتان دروست بکەن.

❁ . ❁ ❁

هەموان خاوەنی ئەم مەیلەن، کە بەپێی ژینگەی دەوروبەریان گەشەبکەن.

❁ . ❁ ❁

گوومان و شکن کە بوونەتە هۆی گەشەی ئێمە و وامان لێدەکەن بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ سەیرێکی هەموو ئەو وەڵامە زۆرانە بکەین کە بۆ تاکە پرسیارێك بوونیان هەیە.

❁ . ❁ ❁

ئەگەر دەتانەوێت هەر نەعلەت و نەفرینێك لە خۆتان دووربخەنەوە، هەرگیز نابێت گرنگییان پێبدەن.

❋ .❋ ❋

کاتێك ئەم دونیایە درکپێدەکەین، کە لە هۆکارەکانی ئاگاداربببینەوە.

❋ .❋ ❋

ئەو کاتەی هەست بە گووناه دەکەین، بەشێوەیەکی نائاگاییانە ئارەزووی سزادانی خۆمان دەکەین.

❋ .❋ ❋

زانستی بەساڵاچوان ئەمەیە: گۆڕینەوە و مامەڵەپێکردنی سەرکەوتنە خێراکان بە سەرکەوتنە بەردەوامەکان.

❋ .❋ ❋

ئەگەر نوێژنەکەین، هەرچەند خواوەند هەمیشە نزیکیشمان بێت، کەچی هەرگیز ئاگاداری ئامادەبوونی ئەو نابین.

❋ .❋ ❋

بە بیرکردنەوەی زۆر دەگەینە چاکەی باڵا و زانست.

❋ .❋ ❋

هەر کارێ کە ئێمە دەیکەین هەرچەندێ بێمانا و پووچیش بێت، دەتوانێت بۆ سەر رێی راست رێنوێنیمان بکات.

❋ ❋ ❋

هەموو ئەو شتانەی لە بەرامبەر ئێمەدا بوونیان هەیە، شانس و هەلی فێربوون و فێرکردنمان پێدەبەخشن.

❋ ❋ ❋

هێرشی راستەوخۆ، تەنهاڕێی بەرەنگاربوونەوەی هەر کێشەیەکە کە لەئارادایە.

❋ ❋ ❋

هەموومان لەڕاستیدا میوانانی ئەم دونیایەین.

❋ ❋ ❋

کەسێك کە دەیەوێت مامۆستایەك بێت، دەبێت تەنها یەك بوار هەڵبژێرێت، تا تێیدا بگاتە قۆناغی کامڵبوون.

❋ ❋ ❋

زۆر کات مرۆڤ ئیمانی بەو شتە نییە، کە حەزدەکات ئەوانی تر بڕوای پێبکەن.

❋ ❋ ❋

زۆر کات ئێمە خۆمان توانا و لێهاتوویییەکانمان دەکوژین، چونکە نازانین چییان لێ بکەین.

❋ ❋ ❋

ئێوە هەر بەو شێوەیە و هەر بەهەمان ئەو پێوەرانە دادگاییدەکرێن، کە بەهۆیەوە ئەوانی ترتان دادگاییکردوە.

❋ ❋ ❋

کەسێك کە لە بەرامبەر بێڕەحمییەکانی ژیاندا دەسڕدرێتەوە، خزمەتی هێزەکانی تاریکی دەکا و هەمان کەس رۆژێك دووبارە بۆلای حەقیقەت دەگەڕێتەوە.

❋ ❋ ❋

هەندێجار چەند هەنگاوێك لەولامانەوە بێدادی دەبینین و بێدەنگ دەبین: (نامەوێت خۆم بخەمە نێو ململانێکەوە.) تەنها بەهانەیەکە و هیچی تر.

❋ ❋ ❋

خراپترینی هەنگاوەکان، یەکەمینیانن.

❋ ❋ ❋

ئەگەر براکەمان بڕستی هاوارکردنی نییە، ئەوە ئێمەین کە دەبێت ئەم کارەی بۆ ئەنجام بدەین.

❋ ❋ ❋

هەر کەسێك هەستی نهێنیدۆزینەوە لەدەستبدا، بە شێوەیەك لە شێوەکان هەستی زیندووبوونیش لەدەستدەدا.

❋ . ❋ ❋

پێویستیی دەستخستنی شتانی جیاواز لە ژیاندا، دەمانکەنە زیندانیی ئەو شتانە.

❋ . ❋ ❋

هەرگیز مەهێڵە هۆشیارییت لە عەیبەکانت بتترسێنێت.

❋ . ❋ ❋

لەدەستدانی بەشێك لە شتێك، باشترە لە لەدەستدانی تێکڕای ئەو شتە.

❋ . ❋ ❋

ئێمە خۆمان بە عاقڵ دەزانین، بەڵام کاتێك دەکەوینە ناو تەڵەوە، دەستهەڵناگرین لەو شتەی بەدەستمان هێناوە.

❋ . ❋ ❋

ئەو کاتانەی وانەکانی رۆژانەی ژیانمان فێردەبین، دەبێت جۆشوخرۆشە منالأنەییەکان و حیکمەتی بەرهەمی ئەزموونەکانیشمان پێکەوە ئاوێتەبکەین.

❋ . ❋ ❋

کار بە ئاینی خۆتان بکەن، هەرچییەك هەیە.

❋ ❋ ❋

پێشگۆیەك پێشبینی ناكات، بەڵكو ئافراندن و دەركەوتنی ئاینده دەبزوێنێ و ئامانجی پێ دەبەخشێت.

❋ ❋ ❋

مرۆڤ دەتوانێت پێشتر ئاینـدەی خۆی دروستبكات، بەو مەرجەی بڕیاربدات درێژە بە ڕێگاكەی بدات.

❋ ❋ ❋

مرۆڤ دەبێت لە رابردوو رزگاری بێت و لە نێوان ئەو رێگایانەی دەخرێنە بەردەمی باشترینیان هەڵبژێرێت.

❋ ❋ ❋

ترس هەمان ئارەزووی شاردراوەیە.

❋ ❋ ❋

بۆ هۆشیاربوون لە توانست و لاوازییەکانتان هیچ کەس لە خۆتان شیاوتر نییە.

❋ ❋ ❋

ئەگەر رۆژێك بهێڵن بەهۆی بیرۆكە و بڕوایەكی بێگانەوە ژەهراوی بن، بێشك دەمرن.

❁ . ❁ ❁

ئێمە لە حاڵەتی تێپەڕین لە ژیانێكەوە بۆ ژیانێكی تردایـن و، ناتوانین لە كرداره چاكەكانمان زیاتر شتێكی تر لەگەڵ خۆمان بەرین.

❁ . ❁ ❁

ئەو كاتەی دەبینە خانەخوێ و پێشوازیكەری كەسێك، لەراستیدا دەبینە پێشوازیكەری سەرگووزشتە و سەربووردە و نهێنییەكانی ئەوانی تر.

❁ . ❁ ❁

ئێمەش دەتوانین وەك شارێكی بەجێهێڵراو بگەینە كۆتاییی رێ، یان هەروەك درەختێكی سەخاوەتمەند كە پاش بڕینیشی هێشتا هەر بەسوود و كاریگەر دەبێت، سەرچاوەی چاكە بین.

❁ . ❁ ❁

هەر كەسێك بیەوێت بیسەلمێنێت تەنها حەق بەوەوە، لە گوومڕاییيەكی تەواودا دەمێنێتەوە.

❁ . ❁ ❁

لە جەنگدا توانستی خافڵگیركردنی بەرامبەر، كلیلی سەركەوتنە.

❁ . ❁ ❁

مرۆڤە بێمەسرەفەکان هەمیشە خۆیان بە گرنگ دەزانن و هەموو بێکەڵکییەکانیان لەپشت رووکارێکی بەدەسەڵاتەوە دەشارنەوە.

❁ . ❁ ❁

کلیلی عیرفان هەوڵدانە بۆ بینینی ئەو شتەی کە لە پشت هەموو شتێکەوە شاردراوەتەوە.

❁ . ❁ ❁

زەین دەتوانێت هەر کارێك ئەنجامبدا. هەموو شتێك تەنها ئەو کاتە روودەدا کە رێی پێدەدەین.

❁ . ❁ ❁

شەڕی درێژخایەن تەنانەت وڵاتی سەرکەوتووش وێراندەکات.

❁ . ❁ ❁

ئیمان ئەگەر باش پەروەردە بکرێت، لە بەرامبەر هەر نائومێدییەکدا بەرگری دەکات.

❁ . ❁ ❁

کەسێك بە ئیرادەی ئازادی خۆی رانەوەستێت، سەرەنجام لەلایەن ژیانەوە ئیفلیج دەبێت.

❁ . ❁ ❁

لێوەشاوەیی فەرماندەیەکی باش، لە گۆڕینی ئیرادە جیاوازەکانەوە بۆ یەك ئیرادەی یەکگرتوودا دەردەکەوێت.

❋ . ❋ ❋

ئێمەین تەجەللابەخشی بیری خواوەند. ئەو چاوەڕێدەکا ژیانی ئێمە شایەنی ئەمە بێت.

❋ . ❋ ❋

هەروەك چۆن هیچ کەس ناتوانێت یارمەتیمان بدات، تا سەیری ئۆقیانووسەکان بکەین، ناتوانین لە چاوانی هیچ کەس بۆ تێگەیشتن و لێکجیاکردنەوەی ئەو شتەی روودەدات، سوودوەربگرین.

❋ . ❋ ❋

جەنگاوەری ڕێگای ڕۆشنایی، بڕیارەکان بۆ دواتر دواناخات.

❋ . ❋ ❋

جەنگاوەر دەزانێت چۆن لە نێوان ئەو شتەی کە نەبینراوە و ئەو شتەی ئەبەدییە، جیاوازی بکات.

❋ . ❋ ❋

ئەو کاتەی کە دوژمن بە بەهێزتر دەبینین، ئەوەی گرنگە ململانێ نییە، گرنگ دەرەنجامی شەڕە.

❋ . ❋ ❋

ئەو کاتەی بە ئەندازەی پێویست هێزت هەیە، لەوەی کە خۆت بە لاوازتر بنوێنیت، شەرمەزارمەبە.

❋ . ❋ ❋

جەنگاوەری ڕێگای ڕۆشنایی، بۆ زاڵبوون بەسەر خوددا، لە هەموو شتێك سوودوەردەگرێت.

❋ . ❋ ❋

مرۆڤە سەرکەوتوەکان هەڵەکانی خۆیان دووبارە ناکەنەوە، هەر لەبەر ئەمەشە جەنگاوەری ڕێگای ڕۆشنایی دڵی بۆ شتێ ناخاتە مەترسییەوە، کە بەهای ئەوەی نەبێت.

❋ . ❋ ❋

جەنگاوەری ڕاستەقینە ڕۆژەکانی خۆی بەفیڕۆنادات، تا ڕۆڵی کارەکتەرێك ببینێت، کە ئەوانی تر بۆیان هەڵبژاردوە.

❋ . ❋ ❋

جەنگ هیچ پەیوەندییەکی بە کینە و دەمەقاڵێوە نییە.

❋ . ❋ ❋

جیهان بە وێنەی یاری شەترەنجە، کە بزاوتە ڕۆژانەییەکانمان داشەکانییەتی و یاساکانی سرووشتیش بنەماکانی یاریەکەن.

❋ . ❋ ❋

جەنگاوەری ڕێگای ڕۆشنایی، هەمیشە باشترین بەشی بوونی خۆی پێشکەشدەکا و هەرئەمەش لە خەڵکی تر چاوەڕێیە.

❁ ❁ ❁

هەموو جەنگاوەرانی ڕێگای ڕۆشنایی، چەندانجار گووتوویانە (بەڵێ)، لەکاتێکدا ویستوویانە بڵێن (نا).

❁ ❁ ❁

خودا ڕێگای ئێمە بە هەنگاوەکانی خۆمان دروستدەکات.

❁ ❁ ❁

جەنگاوەری ڕێگای ڕۆشنایی، کاتێک کارێک دەستپێدەکا تا کۆتایی لەگەڵیدا دەڕوات.

❁ ❁ ❁

ئەو کەسەی کێشەکان ناناسێت، دەرگا بە والآکراوی دەهێڵێتەوە و کارەساتەکان لێوەی دێنەژووری.

❁ ❁ ❁

جەنگاوەری ڕێگای ڕۆشنایی، بەر لە دەستبەکاربوون بیردەکاتەوە و هەموو شتێك هەڵدەسەنگێنێت.

❁ ❁ ❁

هێزی شمشێر پێویستی بە وشە نییە.

❋ ❋ ❋

جەنگاوەری ڕێگای ڕۆشنایی، هەوڵدەدات ئارامیی خۆی بپارێزێت و هەر هەنگاوێکی بە گرنگترین هەنگاو حسابدەکات.

❋ ❋ ❋

ئەو کاتەی کە دەستپێکەرێك پێداویستییەکانی خۆی دەناسێت، هۆشیارترە لە دانایەکی بێخەیاڵ.

❋ ❋ ❋

جەنگاوەری ڕێگای ڕۆشنایی، دەتوانێت تەنهایی هەڵبژێرێت بەڵام ناهێڵێت بەسەریدا بسەپێنرێت.

❋ ❋ ❋

لە بەرامبەر کێشەکاندا ئیبلیس دەڵێت ئێمە لاوازین و، دەیەوێت دڵنیامان بکاتەوە کە هەڵە لەلایەن ئێمەوەیە، فریشتە داوامان لێدەکات بیر لە ڕەفتاری خۆمان بکەینەوە، هەندێجار پێویستیی بەوەیە لە زمانی یەکێکی ترەوە قسەیەکمان بۆ بکات.

❋ ❋ ❋

خوداوەند هەرگیز بەندەکانی بە تەنها جێناهێڵێت، بەڵام ناکرێت پێشبینیی ئیرادەی ئەو بکرێت.

❋ ❋ ❋

هێزی ئاو لەمەدا شاردراوەتەوە: هەرگیز چەکوش ناتوانێت بیشکێنێ و چەقۆش ناتوانێت بیبڕێت.

❃ ❃ ❃

جەنگاوەری ڕێگای ڕۆشنایی، ناهێڵێت لەبەردەم بەدواداچوونی ئامانجەکەیدا شتێك ببێتەڕێگر.

❃ ❃ ❃

جەنگاوەری ڕێگای ڕۆشنایی، هەرگیز دیاری لە دوژمن وەرناگرێت.

❃ ❃ ❃

نابێت فەرامۆشی بکەین کە لە هەندێ چرکەساتدا هێز کاریگەرترە لە زیرەکی.

❃ ❃ ❃

مرۆڤ دەتوانێت لە بەروبوومەکان چاوپۆشی بکات، بەلاَم ناتوانێت بەرامبەر بە دەرەنجامەکان بێباك بێت.

❃ ❃ ❃

هیچ کەسێك لە دەرەنجامەکانی دڵڕەقیی خۆی بەئاگا نییە.

❃ ❃ ❃

تەنها کەسێك دەتوانێت بانگەشەی چاوپۆشیکردن لە بەرهەمەکانی کاری خۆی بکات، کە شەیدای چوونە نێو جەنگە و دەرەنجامەکانی سەرکەوتن هیچ کەمەندکێشییەکی بۆی نییە.

❁ ❁ ❁

جەنگاوەری ڕێگای ڕۆشنایی، سەرنجدەداتە شتە بچووکەکان، چونکە لەوانەیە ببنە هۆی خراپەیەکی گەورە.

❁ ❁ ❁

جەنگاوەری ڕێگای ڕۆشنایی، لەگەڵ هاوڕێکانیدا سەمادەکات، بەڵام بەرپرسیارێتیی هەنگاوەکانی بەوی تر ناسپێرێت.

❁ ❁ ❁

لە مەلەکووتدا جێگایەك بۆ پێشداوەران و نەگوونجاوان نییە.

❁ ❁ ❁

لە بەرامبەر ستەمدا، ئازادی چەمکێکی قابیلی درکە و بەمانای بەندەنەبوونە.

❁ ❁ ❁

یەکەمین فێربوونی جوامێری ئەمەیە: ئەوەی تا ئێستاکێ لە پەڕاوی عومری خۆتدا نووسیوتە، یەکسەر بیکوژێنیتەوە.

❁ ❁ ❁

جەنگاوەری ڕێگای ڕۆشنایی، هەروەك زۆرانباز لە هێزی گەورەی خۆی بەئاگایە و، هەرگیز لەگەڵ کەسێکدا کە شایەنی شانازیی ململانێی نەبێت، ناجەنگێت.

❋ ❋ ❋

کەسایەتی، تەنها کاتێك دەتوانێت گەشەبكات کە بینێرینە جیهانەوە.

❋ ❋ ❋

ئەو کەسەی چارەڕەشی بە چاوێکی بێباکەوە سەیردەکات، لە هەموان چارەڕەشترە.

❋ ❋ ❋

ئەو کاتەی کە سەرکەتن، مەوەستن لە چارەسەرکردنی کێشە گەورەکانی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا. لەسەر بیرەوەریی چرکەساتە ئازاردەرەکان مەوەستن، تەنها بیر لە شادومانیی تێپەڕین لە تاقیکردنەوە بکەنەوە.

❋ ❋ ❋

داننان بە ئیمانی مرۆڤێکدا لە کردارەکانییەوەیەتی، نەك لە وتەکانی.

❋ ❋ ❋

هەر جارێ دەتانەوێت کارێکی چاکە بکەن، بەر کەسانێك دەکەون کە دەیانەوێت وەها بکەن، هەندێجار بە شێوەیەکی ئێجگار باشتریش لە ئێوە. ئیرەییان پێ مەبەن.

❋ ❋ ❋

ئیرەیی هەمیشە لە بۆسەی لەناوبردنی کاری ئەوانی تردایە، تەنانەت ئەگەر بۆ ئێمەش چاك بێت.

❋ ❋ ❋

ئەوانەی پێشداوەری دەکەن، لەوانەیە فیردەوس بکەنە شوێنێکی تەحەموولنەکراو بۆ خۆیان و ئەوانی تریش.

❋ ❋ ❋

بۆ رۆیشتنە نێو مەلەکووتی ئاسمانەوە، مرۆڤ دەبێت رێگە بە فیردەوس بدات بێتە نێو رۆحییەوە.

❋ ❋ ❋

ئەگەر پیاوی نەگوونجاو سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی نەبێت و، هەموو ئەو شتانەی کە بە دادپەروەر و راستی دەزانێت، نەخاتەلاوە، ناتوانێت بە سادەیی بڕواتە نێو مەلەکووتی ئاسمانەوە.

❋ ❋ ❋

باشە کە بزانین هێشتا لێرە و لەوێ خەڵکانێك هەن بۆ خراپە بێمەیلن، چونکە هێشتا گرنگیی کاری چاکەیان نازانن.

❋ ❋ ❋

چ بزوێنەرە، چ پڕ بەرەکەتە، تێپەڕاندنی رۆژێکی تەواو بەبێ مەیلی هیچ خراپەیەك.

❋ ❋ ❋

ئەو کاتە هەستدەکەین کەسێك دەتوانێت باشتر ببێت، ئەگەر وا هەستبکات کە ئێمە بە هاوئاستی خۆمان لێی دەڕوانین، ئەو کات گوێ بۆ قسەکانمان دەگرێت.

❋ ❋ ❋

ئەگەر بزانیت چۆن وەسوەسەکان وەلابنێیت، هەرگیز تووشی ئازار نابیت.

❋ ❋ ❋

کەسێك کە تەنها بەدوای نوورەوەیە و گوێ بە ئەرکەکانی نادات، هەرگیز نوور نادۆزێتەوە.

❋ ❋ ❋

ئەگەر کەسێك بەڕاستی بڕوای بە خودا هەبێت، دەبێت قبووڵی بکات کە ئازاد نییە، چونکە خوداوەند بەسەر هەموو جووڵەیەکدا زاڵە.

❋ ❋ ❋

ژیان وەکو ئەم دیوارانە وایە و، چارەنووس هەروەك ئەو هاوارەیە کە رەنگە هەر یەك لە ئێمە بیکات. هاواری ئێمە دەدات لە سنگی دیوار و بەهەمان شێوە بۆ لای خۆمان دەگەڕێتەوە.

❋ ❋ ❋

بڕیارەکانی خودا هێمادارن، بەڵام هەمیشە لە قازانجی ئێمەن.

❋ ❋ ❋

ئەگەر تەنها شریتی شکستەکانمان تەماشابکەین، نائومێدییەکان ئیفلیجمان دەکەن.

❈ . ❈ ❈

ئەگەر تەنها شریتی سەرکەوتنەکانمان تەماشابکەین، دووچاری لووتبەرزی دەبین و خۆمان لەوە بەداناتر دەزانین کە هەین.

❈ . ❈ ❈

هەرگیز ناتوانیت بەدوای خودادا بڕۆی، لە کاتێکدا دڵت لەم سۆراغەدا ڕاڕایە.

❈ . ❈ ❈

هێشتنەوەی دووری دەبێتە هۆی ئەوەی کە گرنگ و متمانەبەخۆ بنوێنیت، بەڵام بەڕاستی ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێ بە فریشتەی خۆمان نەدەین، لەنێوان وشەکانی ئەوانی تردا خۆی ئاشکرابکات.

❈ . ❈ ❈

لەوەی ئەمڕۆ، بەیانی و لە پاشماوەی تەمەنتدا ئەنجامی دەدەیت، بەوردی بیربکەرەوە.

❈ . ❈ ❈

کەسانێك کە ڕێگایەکی نوێ دەستپێدەکەن، بەڵام دەیانەوێت تۆزقاڵێك لە ژیانی پێشووتریشیان لەگەڵدا بێت، ڕابردوویان عەزابیان دەدات.

❈ . ❈ ❈

لە تەواوی ئەو بەهرانەی خوداوەند ئەمڕۆ بە تۆی داوە، بەهرەمەندبە. ناتوانرێت بەهرەکان زخیرەبخرێن.

❈ .❈ ❈

ئەگەر سوود لە بەهرەکانی خوداوەند وەرنەگرین، بۆ هەمیشە لەدەستمان دەچن.

❈ .❈ ❈

یەکبوون بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، بەو مانایەیە کە ڕێ بە هەر کەسێك بدەین بە شێوازی خۆی لە ئامانج نزیکببێتەوە، ئەمە ڕێگای کەسانێکە کە دەیانەوێت لەگەڵ خودادا لە پەیوەندیدا بن.

❈ .❈ ❈

لە ساتەوەختی چارەسەرکردنی کێشەکاندا، هیچ کارێك لە دواکەوتن خراپتر نییە.

❈ .❈ ❈

بە شێوەیەکی ئاسایی دەرفەتمان هەیە بۆ ئەمدەست و ئەو دەستکردن، بەڵام هەندێ بارودۆخ دێنەئاراوە کە دەبێت چاکی لێهەڵبماڵین و کێشەیەك چارەسەربکەین.

❈ .❈ ❈

بە بێپەرواییەوە بەرەنگاری ڕێگاکەت بەرەوە، لە گازندەی خەڵك دڵسارد مەبە.

❈ .❈ ❈

ئەگەر لە قبوولکردنی بێتواناییەکانت ئینکاری بکەیت، هەرگیز ناتوانیت لە شەڕیان رزگارت بێت.

❁ .❁ ❁

ئەگەر توانستەکانت لە ئێستادا قبوولبکەیت، گوومانی تێدا نییە کە لە داهاتوودا دەتوانیت باشتریان بکەیت.

❁ .❁ ❁

کەسێك کە بۆ من دەدزێت، لە داهاتوودا لە منیش دەدزێت.

❁ .❁ ❁

هەوڵدان بۆ کورتکردنەوەی رێگا، هیچ سوودێکی نییە.

❁ .❁ ❁

ئەو کەسەی کە دەبەخشێت، دڵی خۆی دەشوات و پاکژی دەکاتەوە.

❁ .❁ ❁

ترس نیشانەی بێغیرەتی نییە، ترسە رێمان پێدەدا لە بەرامبەر بارودۆخەکانی ژیاندا دلێر و بەویقار بین.

❁ .❁ ❁

کەسێك کە ترس ئەزموونـدەکات، بەڵام سەرەڕای ترس دەڕواتەپێش و ڕێگەی پێنادات بیوەستێنێت، دلێریی خۆی دەسەلمێنێت.

❈ ❈ ❈

کەسێك کە بەبێ ڕەچاوکردنی مەترسی، لەگەڵ هەلومەرجە دژوارەکاندا دەستەویەخە بێت، تەنها نابەرپرسیارێتیی خۆی دەردەخات.

❈ ❈ ❈

ژیان بەوردی پنتی بەرامبەر مردنە.

❈ ❈ ❈

مردن واتە تا ئەبەد لە دۆخێکدا مانەوە.

❈ ❈ ❈

هەرچەند لە دروستکراوەکانی خودا نزیکببینەوە، لە دانایی ئەو نزیکتردەبینەوە.

❈ ❈ ❈

شادیی مرۆڤێك بەو مانایە نییە، کە ئەوانی تر دەبێت غەمبار بن.

❈ ❈ ❈

ئەگەر زۆر بە دوای پەیداکردنی ماناوە بین بۆ بوون، دەبینە رێگر لەبەردەم نواندنی رۆڵی سرووشت و لە تێگەیشتنی ئایاتەکانی خودادا بێتوانا دەبین.

❃ ❃ ❃

کەمبوونی ململانێ رۆح لاواز دەکات.

❃ ❃ ❃

خوداوەند هەرگیز لە سەری مرۆڤەوە نایەتە ژوورێ، دەرگایەك ئەو سوودی لێوەردەگرێت دڵی مرۆڤە.

❃ ❃ ❃

مرۆڤێك کە نەتوانێت لەو شوێنەی تێیدا دەژی شتێك بەرهەم بهێنێت، هێشتا بۆ قسەکردن لەگەڵ خودادا ئامادە نییە.

❃ ❃ ❃

خودا هەرگیز نزای مرۆڤی لەخۆبایی وەلآمناداتەوە.

❃ ❃ ❃

هیچ کات بەر لە هاتنی رووداوێك زەینی خۆتان مەشغوڵمەکەن.

❃ ❃ ❃

کەسێك بۆ راكردن لە كێشەكانی سوود لە عیرفان وەردەگرێت، رێیەكی درێژی نابێت.

❋ . ❋ ❋

دەبێت بە هەنگاوی ئاسنین و رێكوپێكییەكی تەواوەوە، هەندێ لە شتەكان جێبەجێبكەن.

❋ . ❋ ❋

ئەگەر كەسێك بێغیرەت و ترسنۆك بێت، خاكەڕایی كارێكی بێسوودە.

❋ . ❋ ❋

ئەوەی راستە ئەمەیە: شتێكت هەبێت و چاوپۆشیی لێبكەیت.

❋ . ❋ ❋

بۆ مرۆڤی دەروونلاواز، كارێكی سادەیە كە بڕواتە دەوروبەر و هەژاریی رەهای خۆی رابگەیەنێت.

❋ . ❋ ❋

كاری خودا ئافەرین بكە و، هەر وەك چۆن بەربەرەكانێ لەگەڵ دونیادا دەكەیت، بەسەر نەفستدا زاڵ بە.

❋ . ❋ ❋

لە شتانێکی کەم بترسە و هەموو ترست لەسەر ئەمانە چڕبکەرەوە. لەم حاڵەتەدا لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بابەتە گرنگترەکاندا دەتوانیت دلێرانە بجووڵێیتەوە.

❁ . ❁ ❁

لەیادتان بێت، بە پاڕانەوە نەك ڕێگایەکی میهرەبانتر لەگەڵ جیهانی مانادا بەرقەراردەکەن، بەڵکو یارمەتیی ئەزموونی ئیرادەش دەدەن.

❁ . ❁ ❁

حەقیقەت بناسە، ئەو کات حەقیقەت تۆ ئازاددەکات.

❁ . ❁ ❁

بۆ هەبوونی ئیمان بە ڕێگایەك کە گرتوومانەتەبەر، پێویست بە سەلماندنی خراپیی ڕێگایەکی تر ناکات. کەسێك کە وەها دەکات بڕوای بە ڕێگاکەی خۆشی نییە.

❁ . ❁ ❁

بهێڵە هەر کەس بڕیار لە باوەڕی خۆی بدات. ئێمە دادوەری خەونەکانی ئەوانی دی نین.

❁ . ❁ ❁

مرۆڤ هاتە بوون، تا یاری چاکە بێت.

❁ . ❁ ❁

د

هەورەبرووسکە تەنها دیاردەیەکی سرووشتییە، ئەگەر خودا دەیەویست لەگەڵ مرۆڤاندا قسانبکات، لە شێوازگەلێکی تا ئەم ئەندازەیە ناڕاستەوخۆ سوودی وەرنەدەگرت.

❋ ❋ ❋

کەسێك کە وادە دەدات و، وەفاداری نابێت ناپیاو و لاواز دەبێت، هەر ئەم بەلاّیەش بەسەر ئەوانەدا دێت، کە دڵیان بە وادەکان خۆشدەکەن.

❋ ❋ ❋

هەندێ وەها بیردەکەنەوە کە دەتوانن بەڵێنی هەر شتێك بدەن، ئەوانی دی هەر بەڵێنێك کە ڕۆژگارێکی باشتریان بۆ دەستەبەربکات، قبووڵدەکەن.

❋ ❋ ❋

ئەگەر مرۆڤ زەمەنێکی درێژ لە جێگایەکی ئێجگار باشدا بژی، دواجار تەمەڵ دەبێت.

❋ ❋ ❋

چارەنووسی هەر مرۆڤێك، چارەنووسی تەواوی مرۆڤەکانە.

❋ ❋ ❋

ئەگەر تەنها چەند کەسێك مەحکووم بن بەوەی کە دووچاری کارەساتە گەورەکان بن، کەواتە هەڵەیەکی زۆر گەورە لە بووندا هەیە.

❋ ❋ ❋

رزگاری فراوانتره له بیرکردنەوه و کرداره مرۆییەکان.

❁ . ❁ ❁

مرۆڤەکان دەیانەوێت هەموو شتێك بگۆڕن، لەهەمان کاتدا دەخوازن هەموو شتێکیان وەك خۆیان بمێنێتەوه.

❁ . ❁ ❁

هیچ کەس بە چاوی بەستراوەوه ناگاتە ئامانج.

❁ . ❁ ❁

ژیان لێوانلێوه له ململانێ نەناسراوەکان، له ئەگەری ونبوونی لەناکاوی هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤەکان عادەتیان پێوەگرتوه.

❁ . ❁ ❁

گوێڕادێران بۆ جنێو و وەلاّمنەدانەوەی هەمیشە ئاسانتره له کەوتنە جەنگەوه لەگەڵ کەسێکی بەهێزتر له خۆت.

❁ . ❁ ❁

قبوولکردنی سرووشتی باش، هەمیشە باشتره لە ڕووبەڕووبوونەوه لەگەڵ ئەوانی تر و جەنگان بۆ مافەکانی خۆ.

❁ . ❁ ❁

هەر کاتێك دەتەوێت بە شتێك بگەیت، چاوانت بکەرەوە. سەرنجبدە و دڵنیابە لەوەی کە بەوردی دەزانیت چیت دەوێت.

❋ ❋ ❋

دووجۆر گێل هەن: ئەوانەی بەهۆی هەڕەشەیەکەوە دەست لە کارێك هەڵدەگرن، ئەوانەش وا گووماندەبەن کە دەتوانن کارێکبکەن چونکە هەڕەشەئامێزە.

❋ ❋ ❋

ترسنۆکان، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ناخیان لەوانی دی سوودوەردەگرن، بەڵام ناتوانن بڕیارێکی دیاریکراو بدەن.

❋ ❋ ❋

کارەسات هەمیشە روودەدات، هیچ یەکێك لە هەوڵەکانی ئێمە ناتوانێت ئەو ریزبەندییە چەپەڵەی چاوەڕوانمانە، بگۆڕێت.

❋ ❋ ❋

ڕەنگە ئامانج بگۆڕدرێت، باشتر یان خراپتر ببێت. ئەمە پەیوەندیی بەو رێگەیەوە هەیە کە دەیگریتەبەر و بە شێوازی هەنگاونانت.

❋ ❋ ❋

لە هەر شوێنێکدا کە بەدوای خودادا دەگەڕێیت، هەر لەوێدا دەیدۆزیتەوە.

❋ ❋ ❋

بەبێ ترس لە وردبوون، گەورەبوون هیچ مانایەكی نییە.

❋ . ❋ ❋

ناتوانین لە مردن هەڵبێین.

❋ . ❋ ❋

خۆپەسەندی دەبێتە هۆی لەناوچوونمان، چونكە تەڵەزگەكانی مەیدانی شەڕ بەهۆی ئەو متمانەیەی بە خۆمانمان هەیە، نابینین.

❋ . ❋ ❋

هیچ كەس ناتوانێت شتێكی زۆری لە ژیان بوێت، چونكە لە شكست دەترسێت.

❋ . ❋ ❋

بەهرەكان دیارییەكانی رۆحی پیرۆزن و، لە هەر یەكێك لە ئێمەدا دەردەكەون.

❋ . ❋ ❋

مەلەكووتی خوداوەند بۆ منالآنە.

❋ . ❋ ❋

مردن هۆکاری ئەنجامدانی زۆرێك لە کارەکانی ژیانە.

❃ .❃ ❃

مردن گەورەترین یاوەر و هاوڕێمانە، چونکە مانا دەبەخشێتە ژیانمان.

❃ .❃ ❃

بۆ بینینی تەوێڵی راستەقینەی مەرگی خۆت، دەبێت سەرەتا هەموو ئارەزوەکان و هەموو ئەو ترسانەی کە تەنها بە بیستنی ناوی ئەو لە بوونەوەرە زیندوەکاندا دەورووژێ، بناسیت.

❃ .❃ ❃

هیچ شتێك نەشاردراوەتەوە، مەگەر تەنها بۆ ئەوەی ئاشکرا بێت. هیچ شتێك پەنهان نەبوە، مەگەر تەنها بۆ ئەوەی دەربخرێت.

❃ .❃ ❃

خودایە، رەحمێ بکە بەو کەسانەی کە زوڵم لە خۆیان دەکەن و، لە کردەوەکانی خۆیاندا جگە لە خراپە هیچ شتێکی تر نابینن، ئەوان خۆیان بە بەرپرسیاری هەموو نادادپەروەرییەکانی جیهان دەزانن.

❃ .❃ ❃

خودایە، رەحمێ بکە بەوانەی کە هیچ کەس لە خۆیان بە باشتر نابینن و، خەڵکی دونیا لای ئەمان بوونەوەرگەلێکی نەناسراو و دوورەدەستن.

❃ .❃ ❃

سوودوەرگرتن لە هێزی بڕیاردان، بەمانای دابڕینی پەیوەندی و پەیمانشکێنی نییە.

❋ ❋ ❋

فێرکردن واتە، نیشاندانی ئەوەی کە ئەم کارە بۆ خۆمان مومکینە.

❋ ❋ ❋

فێربوون واتە، ئەوەی کە ئەو کارە بۆ خۆمان مومکین بکەین.

❋ ❋ ❋

هەر بڕیارێکی سادە، دەتوانێت پاشماوەی ژیانی مرۆڤێك بخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

❋ ❋ ❋

ئێمە دەبێت هەمیشە بە هەمان ئەو چەکە رووبەڕووی دونیا ببینەوە، کە هەڕەشەمان لێدەکات.

❋ ❋ ❋

دوژمن هەمیشە ناسێنەری لایەنی لاوازی ئێمەیە.

❋ ❋ ❋

دوژمن بۆیە جەنگمان لەگەڵدا دەكات، چونكە دەزانێت لاوازین.

❋ .❋ ❋

ئێمە هەمیشە دەتوانین لە شكستەوە شتێك فێربین، بەلاّم لە هەڵهاتندا تاكە شتێك كە بەدەستی دەهێنین داننانە بە سەركەوتنی دوژمندا.

❋ .❋ ❋

لە جەنگدا هەمیشە هەوڵدەدەین لە لایەنی لاوازی خۆمان بەرگری بكەین.

❋ .❋ ❋

خراپترین شتێك كە دەكرێت رووبدات، هەڵهاتنە لە جەنگ.

❋ .❋ ❋

رێگای بەدەستهێنانی مەعریفەت، هەمیشە هاوكات بوە لەگەڵ فیداكاریدا.

❋ .❋ ❋

ئەوانەی خۆیان بە دانا دەزانن، لە كاتی بڕیارداندا دوودڵن و لەكاتی گوێڕایەڵیشدا یاخین.

❋ .❋ ❋

ئەوەی کە دەکێڵێت دەبێت ئومێدەوار بێت، ئەوەی کە دەدروێتەوە دەبێت ئومێدەوار بێت، تا هەر یەك پشکی خۆی وەربگرێت.

❁ ❁ ❁

ئێمە دەمانەوێت لە شوێنێکدا کە هیچ شتێك نییە موعجیزە ببینین، بەڵام کاتێ رووبەڕووی موعجیزەیەکی ئاشکرا دەبینەوە ئینکاری لە هەموو شتێك دەکەین.

❁ ❁ ❁

تەنها هۆکاری گەڕان بەدوای پاداشتێکدا ئەمەیە، کە بزانین چی لەگەڵ ئەم پاداشتەدا دەکەین.

❁ ❁ ❁

ڕێگای بەختیاری بۆ هەر کەسێك جیاوازە و، هیچ نموونەیەك نییە کە بیدەینە ئەوانی تر.

❁ ❁ ❁

هەموو کەسێك لە ژیاندا دەتوانێت دوو کارکردی هەبێت: دروستکردن یان کێڵان.

❁ ❁ ❁

هەر ساتەوەختێك لە ژیاندا، کارێکی دەرەنجامی ئیمانە.

❁ ❁ ❁

هەر رۆژێکی مرۆڤ شەوێکی تاریکە. هیچ کەس نازانێت خوولەکێك دواتر چی روودەدات، لەگەڵ ئەمەشدا هەموان بەرەوپێش دەڕۆن، چونکە متمانەیان هەیە، چونکە ئیمانیان هەیە.

❄ ❄ ❄

رێگای مەعریفەت نەترسانە لە هەڵەکردن.

❄ ❄ ❄

ئێمە ئەبەدیین، چونکە جیلوەیەکین لە خوداوەند.

❄ ❄ ❄

تەواویی خەڵکی جیهان بەهرەیەکی رۆحانییان هەیە، بەلاّم هەندێك بە بەهرەیەکی پێشکەوتووەوە دێنە دونیاوە و، ئەوانی تر دەبێت بۆ گەشەپێدانی بجەنگن.

❄ ❄ ❄

هەرچەند زیاتر دەربارەی خۆت بزانیت، ئەم جیهانە پتر تێدەگەیت.

❄ ❄ ❄

هەرکات خەڵك توانیان بۆخاتری بیروباوەڕێك بمرن، بەم شێوەیە نەریت پارێزراو دەبێت.

❄ ❄ ❄

هیچ کەس ناتوانێت بۆ کەسێکی تر بگۆڕدرێت.

❁ ❁ ❁

خودایە، خاکەڕایی داواکردنی خواستەکانمان پێببەخشە، چونکە هیچ ئارەزوێك پووچ و هیچ خۆزگەیەکیش بێهوودە نییە.

❁ ❁ ❁

خوداوەند نرخی کردەوەی دەرەنجامی ئیمانمان دەزانێت، دەستمان دەگرێت و لە نێو نهێنییەکاندا ڕێنوێنیمان دەکات.

❁ ❁ ❁

خودا لە هەر شوێنێکدا کە ئامادەگیی قبووڵبکەین، هەیە.

❁ ❁ ❁

ئازارەکانمان بەو هۆیەوەن، کە وا هەستدەکەین زیاتر لەوەی وەریدەگرین، دەیدەین.

❁ ❁ ❁

دونیا گەورەترە لەوەی کە کەسێك تەنانەت بە واقیعیش بیناسێت.

❁ ❁ ❁

نیگەرانیی ئێمە بۆ حاڵی کەسێکە کە دەترسێت لە چوونە ناو کارێکەوە کە ئایندەکەی ناڕۆشنە و ڕەنگە مەترسیداریش بێت.

❁ ❁ ❁

منالان مایەی ڕەحمەتن، چونکە مەلەکووتی ئاسمانەکان هی ئەوانن.

❁ ❁ ❁

کەسانێك کە هەڵدەدەن ڕۆح بکوژن یاسای خودا ژێرپێدەنێن.

❁ ❁ ❁

داناییی مرۆڤ لەبەرامبەر خودادا جەهلە.

❁ ❁ ❁

هەر کەس بتوانێت بەسەر دڵی خۆیدا زاڵ بێت، بەسەر دونیاشدا زاڵ دەبێت.

❁ ❁ ❁

هەندێ لە خەڵکی دەبێت بەردەوام لە حاڵەتی شەڕ لەگەڵ کەسێکدا بن، هەندێجار تەنانەت لەگەڵ خۆیان و ژیانی خۆشیاندا دەجەنگن.

❁ ❁ ❁

ژیان غافلگیرمان دەکا و فرمانمان بەسەردا دەدا، کە بەرەو نەناسراو بڕۆین، تەنانەت کاتێك نامانەوێ و وەها بیردەکەینەوە کە هیچ پێویستیشمان بەم کارە نییە.

❋ ❋ ❋

بیرکردنەوە لە ئایندە ترسناکە.

❋ ❋ ❋

ئەوانەی کە زاری چارەنووسی ئێمە هەڵدەدەن، لێمان ناپرسن کە ئایا دەمانەوێت لە یارییەکەدا بەشدار بین یان نا.

❋ ❋ ❋

هەموو بوونەوەران هەمیشە دەستدەخەنە ناو دەستی یەك، تا یارمەتیی کەسێك بدەن کە بەدوای خەونەکانی خۆیدا دەڕوات.

❋ ❋ ❋

خەونەکانی ئێمە هی خۆمانن و تەنها ئێمەین دەتوانین ئەو هەوڵەی بۆ زیندووڕاگرتنیان پێویستە، بزانین.

❋ ❋ ❋

بوونەوەران هەمیشە یارمەتیمان دەدەن، تا بۆ خەونەکانمان بجەنگین.

❋ ❋ ❋

خودا لە لاوازیی بەندەکانی بە ئاگایە.

❁ . ❁ ❁

ئەی خودای من، هەرچییەك ویستی تۆی لەسەر بێت هەر ئەوە دەبێت، چونکە تۆ لە لاوازیی دڵی بەندەکانت بەئاگایت و تەنها بە ئەندازەی توانای هەر کەسێك قوورسایی دەخەیتە سەر شانیان.

❁ . ❁ ❁

بۆ خزمەتکردن بە خودا، ڕێگاگەلێکی زۆر هەن.

❁ . ❁ ❁

چاوەڕوانی دوای ئازارە، فەرامۆشکردنیش بە ئازارە.

❁ . ❁ ❁

ئازاری سەرگەردانی لە هەر شتێکی تر زیاترە.

❁ . ❁ ❁

بەشێوەیەکی ئاسایی خەڵکان لە ڕۆژێکدا دەمرن، کە کەمتر لە ڕۆژانی تر چاوەڕێی مەرگن.

❁ . ❁ ❁

مرۆڤ هەوڵدەدات بە زیندوویی بمێنێتەوە، نەوەك ئەوەی خۆی بکوژێت.

❋ ❋ ❋

هەر گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیاندا، دەتوانێت ببێتە هۆی ژاکان.

❋ ❋ ❋

هیچ کەسێك بەو بابەتانەی خەڵکی تر پێی دەڵێن هیچ فێرنابێت، دەبێت خۆی پەی بە هەموو شتێك ببات.

❋ ❋ ❋

دەبێت لەو جۆرەی مرۆڤ بین، کە هەر بڕیارێك دەیدەن پێوەی پابەندن و، هەمیشە تا کۆتاییی ڕێ دەڕۆن.

❋ ❋ ❋

دەبێت بەسەر خاڵە لاوازییە بچووکەکانماندا زاڵ بین، بۆ ئەوەی ببینە شایانی هەندێ بابەت کە گرنگیی سەرەکییان هەیە.

❋ ❋ ❋

هەندێ لە خەڵکی هەرچەند دەرەتانی شادییان زیاتر بێت، غەمگینتر دەبن.

❋ ❋ ❋

واقیعیەت هەمان شتێکە کە زۆرینە بە واقیعیەتی دەزانن، مەرج نییە ئەمەش باشترین یان لۆژیکیترین بێت.

❋ ❋ ❋

شێت خۆی دەکوژێت، قارەمان دەبێتە فیدای ئامانجێك و خۆی لەپێناویدا شەهیددەکات.

❋ ❋ ❋

هەم قارەمانان و هەم دێوانان بەرامبەر بە مەترسی بێباکن و توند و کتوپڕ دەڕۆنەپێش، بێئەوەی هیچ گرنگی بە قسەی خەڵکی بدەن.

❋ ❋ ❋

بێمانابوونی ژیان خەتای هیچ کەس نییە، جگە لە خۆمان.

❋ ❋ ❋

دێوانەتر لە هەموان ئەوانەن کە نازانن دێوانەن.

❋ ❋ ❋

دێوانەیی لەگەڵ نەبوونی کۆنترۆڵدا بەهەڵە مەگرن.

❋ ❋ ❋

کەسانی بە ئەزموونتر بەسەر کەسانی بێفێڵ و ساختەدا سەردەکەون.

❊ . ❊ ❊

کارکردن باشترین دەرمانە.

❊ . ❊ ❊

ترسی لەڕادەبەدەر جۆرێکە لە ناهاوسەنگی.

❊ . ❊ ❊

هەموومان رێگەمان پێدراوە، لە ژیاندا دونیایەك هەڵە بکەین، جگە لەو هەڵەیەی لەناومان دەبات.

❊ . ❊ ❊

هۆشیاری لە مەرگ دەمانخاتە شەوقەوە و وامان لێدەکات بە جۆشوخرۆشێکی زیاترەوە بژین.

❊ . ❊ ❊

شتێك یەکجار رووبدات لەوانەیە هەرگیز روونەداتەوە، بەڵام ئەگەر دووجار رووبدات بە دڵنیاییەوە جاری سێیەمیش روودەداتەوە.

❊ . ❊ ❊

پرسیارێك هەیە كە هەمیشە پێش دەستپێكردنی هەر كارێك دەبێت وەڵامێكمان بۆی هەبێت: بۆچی دەبێت ئەم كارە بكەم؟

❁ ❁ ❁

مرۆڤەكان ڕەنگە ئەسڵی خۆیان لەبیربكەن، بەڵام سرووشت هەرگیز فەرامۆشیان ناكات.

❁ ❁ ❁

لەگەڵ ئەندێشەكانتان مەجەنگن، ئەوان لە ئێوە بەهێزترن.

❁ ❁ ❁

ئەگەر دەتەوێت لەدەست بیركردنەوەكانت نەجاتت بێت، دەبێت قبووڵیان بكەیت.

❁ ❁ ❁

هەورەكان ئەو ڕووبارانەن كە دەریا دەناسن.

❁ ❁ ❁

یەكەمین فەزیلەتی گەورەی مرۆڤایەتی هەنگاونانە لەڕێگای مەعنەویەتدا، دلێرییە.

❁ ❁ ❁

نابێت بهێڵین لە هیچ مەسەلەیەکدا ترس بەسەرماندا زاڵ بێت.

❋ ❋ ❋

دلێر بن و بەدوای خەونەکانی خۆتاندا بڕۆن.

❋ ❋ ❋

لەبیرتان بێت ئێوە دەرخەری بوونی رەهان و، تەنها ئەو کارانە لە ژیانتاندا جێبەجێدەکەن کە بەهای هەوڵبۆدانیان هەیە.

❋ ❋ ❋

جیهانەکەی تر بۆ هەموو ئەو کەسانە دەبێت، کە باوەڕیان پێی هەیە.

❋ ❋ ❋

تەنهارێی دۆزینەوەی رێگاچارەی راست، ناسینی رێگاچارە هەڵەکانە.

❋ ❋ ❋

بە هۆشیاربوون لە مەرگ مرۆڤ دەتوانێت زۆر دلێرتر بێت و لە فتووحاتە رۆژانەییەکانیدا زۆر زیاتر بڕواتەپێش، چونکە کە مردن حەتمییە هیچ شتێکی نییە لەدەستی بدات.

❋ ❋ ❋

مەرگ حەتمییە.

❁ .❁ ❁

هەمیشە باشترین ڕێگا کە بیپێوین، دەبینین بەڵام تەنها ئەو ڕێگایانە تەیدەکەین کە عادەتمان پێیانەوە گرتوون.

❁ .❁ ❁

کار تەنها کاتێك کامڵە کە گەیشتبیتە مەبەست.

❁ .❁ ❁

گەورەترین گووناھ لە دونیادا، پەشیمانییە.

❁ .❁ ❁

بەرلەوەی دەستت بتوانێت شمشێرەکەت بگرێت دەبێت کەشفی بکەیت کە دوژمنەکەت لەکوێیە و، چۆن دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، شمشێر تەنها دەوەشێنێت بەڵام دەستت تەنانەت پێش هێنانەخوارەوەی لێدان سەردەکەوێت یان شکستدەخوات.

❁ .❁ ❁

کەسێك کە بەدوای حیکمەتدا ڕادەکات، پێویستی بە ڕێگایەکە بۆ دەستەبەرکردنی خەونەکانی.

❁ .❁ ❁

ئەمە گەورەترین درۆیە: ئەوەی کە هەر کەسێك لە ساتێکی ژیانیدا هەڵبژاردنی خۆی بەسەر ئەو رووداو و کارەساتانەی لێی روودەدەن، لەدەستدەدا و هەڵبژاردنی ژیانی دەکەوێتە دەست چارەنووس.

❁ ❁ ❁

هەرچەند تەمەن تێپەڕێت، هێزێکی هێمادار دەکەوێتەکار تا قەناعەت بە لاوان بکات کە مەحاڵە بتوانن ئەفسانەی کەسییان دەستەبەربکەن.

❁ ❁ ❁

رۆحی جیهان لە شادیی خەڵك گەشەدەکات، هەروەها لە خەم و ئیرەیی و حەسادەتیش.

❁ ❁ ❁

دەستەبەرکردنی ئەفسانەی کەسی، تەنها بەڵێنی واقیعیی هەر مرۆڤێکە.

❁ ❁ ❁

خوداوەند بۆ هەر کەسێك لە ژیانیدا رێگایەکی داناوە، کە دەبێت بیبڕێت.

❁ ❁ ❁

هەر کاتێك خوازیاری شتێك بین، هەموو بوونەوەر دەستدەخاتە ناو دەستی یەك تا ئێمە بەو خواستەمان بگەین.

❁ ❁ ❁

دونیا هەر بەو جۆرە دەبینین، کە دەمانەوێت بیبینین نەك بەو جۆرەی بەڕاستی هەیە.

❋ . ❋ ❋

بڕیاردان تەنها سەرەتای کارە.

❋ . ❋ ❋

کاتێ بڕیاردەدەین، بەشێوەیەکی کرداری لەنێو پرۆسەیەکی گەرموگوڕدا مەلەدەکەین و بۆ شوێنانێکی وەهامان دەبەن، وەختێ بڕیاردان تەنانەت هەر نەماندەتوانی بیریشیان لێبکەینەوە.

❋ . ❋ ❋

هەر رەحمەتێك گەر رەچاونەکرێت، بۆ نەعلەت دەگۆڕێت.

❋ . ❋ ❋

هەر کاتێك لە ناخی دڵمانەوە شتێکمان بوێت، زیاتر لەکاتەکانی تر لە رۆحی جیهان نزیکبووینەتەوە.

❋ . ❋ ❋

رۆحی جیهان، هەمیشە هێزێکی پۆزەتیڤە.

❋ . ❋ ❋

کەسێك کە پەیوەست دەبێت بە کاروانەوە، ئەگەر بیەوێت تەنها پشتئەستوور بێت بە دلێریی کەسی خۆی، بەبێ ئەوەی ئەم زمانە درکپێبکات سەفەر بۆی خەتەرناکتر دەبێت.

❋ . ❋ ❋

ژیان تەنها ئەم چرکەساتەیە کە تێیداین.

❋ . ❋ ❋

ئەم جیهانی سرووشتە تەنها وێنە و تەقلیدێکە لە بەهەشت.

❁ ❁ ❁

مرۆڤ بە ڕوانینە ئەو شتەی لە دەوروبەریدا ڕوودەدات، دەتوانێت ڕێگایەك بۆ چوونە نێو ڕۆحی جیهانەوە بدۆزێتەوە.

❁ ❁ ❁

رازی داهاتوو لە ئێستادایە، ئەگەر سەرنجبدەیتە ئێستا دەتوانیت باشتری بکەیت. ئەگەر ئێستا باشتر بکەیت ئەوا ئەوەی دوای ئەو ڕوودەدات باشتر دەبێت.

❁ ❁ ❁

سەبارەت بە داهاتووت بێخەیاڵبە و هەموو ڕۆژێك بەپێی وانەکانی هەمان ڕۆژ، بە خاترجەمی لەوەی کە خودا بەندەکانی خۆشدەوێت، بژی.

❁ ❁ ❁

هەموو ڕۆژێك ڕۆژێکە بۆ ژیان، یان ڕۆژێك بۆ جێهێشتنی ئەم جیهانە!

❁ ❁ ❁

هەموو شتێك پەیوەندیی بە چارەنووسەوە هەیە.

❁ ❁ ❁

ئەگەر هەر شتێك کە مرۆڤ دەیدۆزێتەوە پوخت بێت، هەرگیز خراپ نابێت و، مرۆڤ هەمیشە دەتوانێت بگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو شتەی دۆزیویەتییەوە، تەنها ڕووناکییەکی زووتێپەڕی وەك تەقینەوەی ئەستێرەیەك بێت، کاتێك گەڕایەوە هیچی نەدۆزیوەتەوە.

❁ ❁ ❁

بیرکردنەوە لە دەنکەلێك سادەیە، بەڵام تێیدا هەموو سەرسووڕهێنەرییەکانی بوونەوەر دەبینیت.

❁ ❁ ❁

بە دڵت بڵێ کە ترس لە ئازار لە خودی ئازار خراپترە.

❋ ❋ ❋

بوونی ئەم جیهانە ئەو متمانەیە بە مرۆڤ دەدات، کە جیهانێکی تر بوونی هەیە، جیهانێکی کامڵ.

❋ ❋ ❋

خوداوەند ئەم جیهانەی بۆیە دروستکرد، تا مرۆڤ لەڕێی ئەو بوونەوەرانەی دەیبینێت، چەند وانەیەکی مەعنەوی فێربێت و، سەرسووڕهێنەرییەکانی حیکمەتی ئەو درکبکات.

❋ ❋ ❋

ئێمە هەرگیز ناتوانین لە دڵی خۆمان راکەین، کەواتە باشتروایە گوێ بۆ ئەو قسانەی هەمانە، رادێرین.

❋ ❋ ❋

مرۆڤ دەترسێت لەوەی کە بەدوای گرنگترین خەونەکانی خۆیدا بڕوات، چونکە وا هەستدەکات لێوەشاوەیی ئەوەی نییە، یان ناتوانێت پێی بگات.

❋ ❋ ❋

هەرگیز هیچ دڵێك کە لە سۆراغی خەونەکانی خۆیدایە، ناکەوێتە ئازارەوە، چونکە هەر چرکەساتێك لە گەڕانیدا، چرکەساتی دیدارە لەگەڵ خودا و ئەبەدییەتدا.

❋ ❋ ❋

هەموو کەسێ گەنجینەیەکی لەسەر زەویدا هەیە، کە چاوەڕێی دەکات.

❋ ❋ ❋

هەموو کەسە خۆشبەختەکان خودایان لە دڵدا هەیە.

❋ ❋ ❋

هیچ کەسێك لە ئازاری دەرەنجامەکانی ئەو شتەی کە لەژێر ئاسماندا روودەدات، لە ئەماندا نییە.

❋ ❋ ❋

مەترسیی مەرگ رادەی هۆشیاریی مرۆڤ لە ژیان زۆر زیاتر دەکات.

❋ ❋ ❋

تەنها یەك شت دەستەبەربوونی خەونەکان بە مەحاڵ دەگەیەنێت، ئەویش ترسە لە شکست.

❋ ❋ ❋

کەسێك کە بەدوای ئەفسانەی کەسیی خۆیدایە، ئەو شتەی دەبێت بیزانێت، دەیزانێت.

❋ ❋ ❋

جیهان تەنها بەشی بینراو و ئاشکرای خودایە.

❋ ❋ ❋

لەبری نەفرینکردنی ئەو شوێنەی کە تێیدا بە زەوی کەوتوویت، دەبێت کەشفی بکەیت چ شتێك بۆتە هۆی خلیسکان و بەزەویکەوتنت.

❋ ❋ ❋

کاتێك مرۆڤ هەستدەکات رۆحی ناڕازییە، ناتوانێت پەندوەربگرێت.

❋ ❋ ❋

راستە هەموو شتێك نرخێکی هەیە، بەڵام نرخ هەمیشە رێژەییە.

❋ ❋ ❋

ئەوەی خەڵکانی تر بیری لێ دەکەنەوە، گرینگ نییە، ئەوەی گرینگە هەست بەئارامیکردنی دڵە.

❋ ❋ ❋

ئەگەر وزەیەکی پۆزەتیف لە فەزادا رەهابکەیت، ئەو وزەیە وزەگەلێکی پۆزەتیفی زیاتر رادەکێشێت و لێیانەوە مرۆڤانێك دروستدەکات کە شادومانیی تۆیان دەوێت.

❋ ❋ ❋

حەسوودان و شکستخواردوان، تەنها کاتێك دەتوانن ئازار بە تۆ بگەیەنن، کە خۆت توانای ئەم کارەیان پێبدەیت.

❋ ❋ ❋

لێبووردن شەقامێکی دووسەرە.

❋ ❋ ❋

هەر کاتێ لە کەسێك دەبوورین، لە خۆشمان خۆشدەبین.

❋ ❋ ❋

ئەگەر سەبارەت بەوانی تر خۆڕاگر بین، قبوولکردنی هەڵەکانی خۆمان سادەتر دەبێت.

❋ ❋ ❋

کاتێك بەهۆی لاوازییەوە رێگە بە نەفرەت، ئیرەیی و دەمارگیری دەدەین لە نزیکماندا هەبن، پاش ماوەیەکی کەم خۆشمان لە ئەسارەتی ئەواندا دەبینینەوە.

❋ ❋ ❋

کردەی لێخۆشبوون، خودی بالاَ پاکیزە دەکا و نووری راستەقینەی خودایەتیمان لیَ ئاشکرادەکات.

❋ . ❋ ❋

هەرگیز رێگا بە خوو مەدە بەسەر بزاوتەکانتدا زالّ بێت .

❋ . ❋ ❋

دژی رۆحت گووناه مەکە، بەلاَم بێحوورمەتی بە سەخاوەتمەندیی زەویش مەکە.

❋ . ❋ ❋

نرخی بەدواداچوونی خەونەکان هەرچەندێکیش زۆر بێت ناگاتە نرخی نەژیان بەپێی ئەفسانەی کەسی.

❋ . ❋ ❋

پیاوی گەمژە هەمیشە وەها بیردەکاتەوە زیاترە لە خەڵکانی تر.

❋ . ❋ ❋

دانا کەسێکە، لەجێی کوشتنی مەیلەکانی توانای کۆنترۆڵکردنیانی هەیە.

❋ . ❋ ❋

کاتێك بڕیارێکت دا، بەدیلەکەی تر فەرامۆشکە.

❁ ❁ ❁

کاتێك کارەکان باش ناڕۆنەپێش، تەنها لەوانەیە دوو ئەگەر لە ئارادابن: یان تواناکانت تاقیدەکرێنەوە، یان دەبێت رێگاکەت بگۆڕیت.

❁ ❁ ❁

ترس لە هەڵەکردن هۆکارێکە کە ئێمە لە قەڵای راڕاییدا زیندانیدەکات.

❁ ❁ ❁

ئەگەر بتوانین بەسەر ترسی خۆماندا زاڵ بین، هەنگاوێکی گرینگمان بەرەو ئازادیی خۆمان هەڵگرتوە.

❁ ❁ ❁

لە رۆحت بپرسە کە چیی دەیەوێت. کاتێك رۆحت لەگەڵ خەونەکانت هاوئاهەنگ بێت، خوداوەند خۆشحاڵ دەبێت.

❁ ❁ ❁

دانای راستەقینە کەسێکە، خاکەڕا بێت.

❁ ❁ ❁

ئەگەر درەختێ هیچ بەرهەمێکی نەبێت، لقەکانی لەخۆبایی و گەردنکەش دەبن.

❃ . ❃ ❃

نان، میوەی زەوی و ئازاری مرۆڤە.

❃ . ❃ ❃

تەواوی رێگاکان لە یەك جێگادا کۆتاییيیان دێت، بەڵام تۆ رێگای خۆت هەڵبژێرە و تا کۆتایی لەگەڵیدا بڕۆ. هەوڵمەدە پیاسە بە هەموو رێیەکاندا بکەیت.

❃ . ❃ ❃

ناتوانرێت هەر بەو شێوەیەی بیرکاری دەگوێزرێتەوە، ئیمان بگوازرێتەوە.

❃ . ❃ ❃

رازی ئیمان قبووڵبکە، جیهان خۆی ئەو رازە بۆ تۆ ئاشکرادەکات.

❃ . ❃ ❃

نووسین یارمەتیمان دەدات، کە سەروسامان بدەینە بیرو تێڕوانینەکانمان، بۆ ئەوەی دونیا بە روونییەکی زیاترەوە ببینین.

❃ . ❃ ❃

به نووسین، له خودا و ئەوانی تر نزیکتردەبینەوە.

❁ . ❁ ❁

قەڵەم و کاغەز موعجیزە دروستدەکەن، ئازارەکان هێوردەکەنەوە، خەونەکان دەگۆڕن بۆ کردەوە و ئومێدە لەدەستچووەکان زیندوودەکەنەوە.

❁ . ❁ ❁

تەنها جورئەتی هەنگاوهەڵگرتنە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێگا خۆی ئاشکرا بکات.

❁ . ❁ ❁

خودا لە ژیاندایە و ژیان لە خودادا.

❁ . ❁ ❁

ئەگەر بتوانین بچینە نێو هەماهەنگیی پیرۆزی ژیانەوە، هەمیشە لەسەر ڕێگای ڕاست دەبین و دەتوانین کارەکەی خۆمان تەواوبکەین.

❁ . ❁ ❁

بۆ باشتر ژیان، تەنها ئەوە خۆمانین کە دەزانین چ شێوەیەك بۆ خۆمان هەڵبژێرین.

❁ . ❁ ❁

هـەروەك پــەردەی ســینەما، خــودا لەپــشت هــەموو ئــازار و خۆشحاڵییەکانی ژیـانی مرۆڤەکانەوەیـە. کاتێـك فیلمەکـە تـەواو دەبێت دەتوانین ئەو ببینین.

❋ . ❋ ❋

کەسـێك کـە ناتوانێـت لـەنێوان کـار و پـشووداندا هاوسـەنگی بکـات، بێگوومـان جۆشـوخرۆش لەدەسـتدەدا و جێگایـەکی دوور نادۆزێتەوە.

❋ . ❋ ❋

پەرستش لقی دارێکە، ئیمان رەگەکەیـەتی. ئیمـانی بـێ پەرسـتش رەنگە بوونی هەبێت، بەڵام پەرستش بێ ئیمان مومکین نییە.

❋ . ❋ ❋

ژیان پڕە لە موعجیزە بچووك و گەورەکان.

❋ . ❋ ❋

لە ژیاندا هیچ شتێکی تەمەڵکەر نییە، چونکە هـەموو شـتێك لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە.

❋ . ❋ ❋

یەکرپیتمی سەر بەم دونیایە نییە.

❋ . ❋ ❋

خوداوەند بەتوانای رەهایە. ئەگەر ئەو خۆی سنووردار بکات بە ئەنجامدانی ئەو شتەی ئێمە بە خێری دەزانین، ناتوانین بە بەتوانای رەهای ناوبنێین، چونکە لەم حاڵەتەدا تەنها بەسەر بەشێك لە جیهاندا حوکمدەکات.

❁ . ❁ ❁

مرۆڤ بۆیە دێتە دونیاوە تا خیانەت لە چارەنووسی خۆی بکات.

❁ . ❁ ❁

لەوانەیە مرۆڤەکان بەو هۆیەوە خیانەتیان لە چارەنووسی خۆیان کردبێت، کە خواوەند لێیانەوە دووربۆتەوە.

❁ . ❁ ❁

رەنگە دایکان و باوکان لەوە بترسن، کە ئێمەش هەڵەکانی ئەوان دووبارەبکەینەوە.

❁ . ❁ ❁

من خەریکم شتێك فێردەبم، تەنانەت ئەگەر ئەم فێربوونە بێهوودەش بێت چونکە من مەحکوومم بە مەرگ.

❁ . ❁ ❁

رۆحی مرۆڤەکانیش پێویستیی بە خواردن هەیە.

❁ . ❁ ❁

ئەگەر رۆحی من هێشتا نەمردوە، لەبەرئەوەیە کە قسەیەکی بۆ گووتن هەیە.

❋ .❋ ❋

ئەو کاتەی مرۆڤێك بەرەو چارەنووسی خۆی هەنگاوهەڵدەگرێت، زۆر کات ناچار دەبێت رێگاکەی خۆی بگۆڕێت.

❋ .❋ ❋

مرۆڤ بەر لەدەستەبەربوونی چارەنووسی خۆی، دەبێت چەند قۆناغێکی جیاجیا ببڕێت.

❋ .❋ ❋

لە هەر تەمەنێکدا خوداوەند سەرقاڵیی تایبەت بە مرۆڤەکان دەدات.

❋ .❋ ❋

ئەگەر کەسێك یارمەتییەکی لە من ویست، ئەمە بەو مانایەیە کە هێشتا لەسەر رووی زەویدا بەهایەکم هەیە.

❋ .❋ ❋

باشترین رێگا بۆ ناسین و لەناوبردنی دوژمن ئەوەیە کە خۆمان بە دۆستی ئەو بنوێنین.

❋ .❋ ❋

کەسێك سەبارەت بەخۆی گوومان ناكات، شایستە نییە چونکە متمانەیەکی کوێرانەی بە خۆی هەیە، کە رەنگە دووچاری لووتبەرزیی بکات.

❋ . ❋ ❋

فریشتەکانی خوداوەند لەگەڵ مرۆڤەکاندا قسەناکەن، ئەوان تەنها فرمانی یەزدان رادەگەیەنن.

❋ . ❋ ❋

هەموو خەڵکی هێزی پێویستیان هەیە، بەڵام هیچ کات کەسێك لە هێزی خۆی سوودوەرناگرێت.

❋ . ❋ ❋

لە هەر چرکەساتێکی ژیانت سوودوەربگرە، ئەگەر ناتەوێت دواتر خۆزگە و پەشیمانیت هەبێت.

❋ . ❋ ❋

هێزی پیاو لەو بڕیارانەدا شاردراوەتەوە، کە دەیدات.

❋ . ❋ ❋

کەسێك کە هەڵنابژێرێت، هەتا ئەگەر هەناسەش بدات، لە چاوانی خواوەندا مردوە.

❋ . ❋ ❋

بۆ هەر شتێك کە لەژێر هەتاودا دەژی، هۆکارێك هەیە.

❋ . ❋ ❋

ماناى ژيانى من هەمان ئەو مانايەيە كە خۆم دەمەوێت پێيبدەم.

جەنگاوەرى ڕێگاى ڕۆشنايى، ڕۆژەكانى خۆى بەهەدەرنادات، تا ڕۆڵێك بگێڕێت كە ئەوانى تر بۆى هەڵدەبژێرن.

جەنگاوەرى ڕێگاى ڕۆشنايى، هەميشە باشترين بەشى بوونى خۆى پێشكەشدەكات، هەر ئەمەش لەوانى تر چاوەڕێدەكات.

جەنگاوەرى ڕێگاى ڕۆشنايى، هەميشە درەوشانەوەيەكى تايبەت لە نيگاكانيدا هەيە.

جەنگاوەرى ڕێگاى ڕۆشنايى، لە داوەريكردن سەبارەت بە خەونەكانى ئەوانى تر بەرپرسيار نييە، كاتى خۆى لە ڕەخنەكردنى بڕيارەكانى ئەوانى تردا بەهەدەرنادات.

ئێمە باس لە ئازادى دەكەين و حاڵ ئەوەيە ئەسيرى گووناهەكانى خۆمانين.

بۆ زاڵبوون بەسەر كەسێكدا، كارێك بكە كە بترسێت.

با ئاگرى حيكمەت ڕێگامان بۆ ڕۆشنبكاتەوە.

ئێمە نە باشتر و نە خراپترین لە کەسانێك، کە بەرامبەرمان رووگرژدەکەن.

❋ .❋ ❋

خاکی ئەم جیهانە لە ترسەکانی ئێمەوە کۆبۆتەوە.

❋ .❋ ❋

با ئاگری دادپەروەری هەنگاوەکانمان رێنوێنی بکات.

❋ .❋ ❋

بەر لەوەی ئێمە بێینە دونیاوە، ژیان بوونی هەبوە. دوای ئەوەش کە ئێمە لەم دونیایە دەڕۆین، هەر بەردەوام دەبێت.

❋ .❋ ❋

گۆڕینی ئەو شتەی لە دەرەوەیە دژوارترە لە گۆڕینی ئەو شتەی لە ناوەوەیە.

❋ .❋ ❋

ژیان دەتوانێت بەپێی شێوازی ژیانی ئێمە کورت یان درێژ بێت.

❋ .❋ ❋

چارەنووسی مرۆڤێك چارەنووسی خودی مرۆڤایەتییە.

❋ .❋ ❋

دەبێت خراپە دەرکەوێت، تا بەهای چاکە درکپێبکەین.

❋ .❋ ❋

هەمیشە چاکە حوکمدەکات.

❋ ❋ ❋

مرۆڤ پێویستیی بە نزمترینی خراپییەکان هەیە لە بوونیدا، بۆ ئەوەی بگاتە بەرزترین بالأییەکانی بوونی.

❋ ❋ ❋

ئەو خەڵکەی هیچ شتێکیان نییە لەدەستی بدەن، هەرگیز بیر لە ژیانی ئەبەدی ناکەنەوە.

رئەی پەروەردگار، بە رەحمی بێپایان و بە عەشقی بێپایانی خۆت بمانبەخشە.

❋ ❋ ❋

سەرچاوەکان

١- کێوی پێنجەم
٢- داستانگەلێك بۆ باوکان، منالأن و نەوەکان
٣- شەیتان و خانم پریم
٤- حاجیی کۆمپۆستێلا
٥- ڤالکیرییەکان
٦- دیدارێك لەگەڵ فریشەکاندا
٧- کیمیاگەر
٨- سەفەر بۆ دەشتی ئەستێران
٩- لە کەنار رووباری پیدرادا دانیشتم و گریام.
١٠- ڤێرۆنیکا بڕیاردەدات بمرێت.
١١- مەکتووب